بارزانی و فەیاز ئیدانەی هێرشکردن بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە پیرمام دەکەن



مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی لە سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی کرد و لەگەڵبونەوەیەکدا، بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و هەڕەشە ئەمنیەکان ئاوگۆ کرا.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بارەگای بارزانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە سەرەتادین مەسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی کرد.

لە دیدارەکە بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و هەڕەشە ئەمنیەکان ئاوگۆ کرا و هەروەها ئیدانەی هێرشکردن بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە پیرمام کرا.

هەر لەو دیدارەدا پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەتی فیدراڵ تاوتوێ کران کە پشتر ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە